### ئەو ساتانەی ناسرێنەوە

# (ڕووەو چیا، بەرەو شۆڕش)
# (٧)

**ئەحمەد سالار**
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت



لەگــەڵ برادەراندا، ڕۆژانە ســەردانی لقی چوارمان دەکرد، کە ئەو دەمە بارەگاکەی لە گوندی (هەرگێنە) ی پێنجویــن بوو، هەتا ئــاگاداری بارودۆخەکە بین، برووسکەیان بۆ ســەرەوە کرد، هەتا ڕێوشوێن ئەرکمان بۆ دیاری بکەن، زۆربەی کاتیشــمان لە گوێ چەم و ناو دارستانەکان، بەسەر دەبرد، ڕۆژانەش سێ چوار ژەم فڕۆکەکانی بەغدا بۆردمانی ناوچەکەیان دەکرد، بەڵام چونکە ناوچەکە سنووری بوو لە ترسی تەیارەشکێنەکانی ئێران، خێرا تێیان دەتەقان و هەڵدەهاتن.

هێشــتاوەکو گرووپەکەمــان دەســتبەکار نەبوو بوو، ڕۆژانە لە گوێ ئاوی سەر سنوورەکەی نێوان( بایەوە) و(بناوە سووتە) کاتمان بەسەر ئەبرد، بەتایبەتی لەگەڵ نیشتمانپەروەری خوالێخوشــبوو کاکە(نووری ئەحمەد تەها)، حەزم دەکرد بدوێ و گوێبیستی بیرەوەرییەکانی ببم، لە هەنگاوی دروستبوونی پارتییەوە بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمــرو ڕۆژانی کۆماری مەهاباد، زۆرجار بە تەوســەو تەنزەوە ئەدواو جارو بــارەش دیژلەمەیەکمان ئەخواردەوە،هەندێ ڕۆژیش هەر لەســەر لبادەکەی کاك نووری، هونەرمەندی مەزن (ڕەشۆل) ئەبووە میوانمان، ئیتر لەسەربووردەکانی شۆڕشــەکانی شێخی نەمرەوە، باس ئەکراو هەندێ جاریش یادی مەزنە هونەرمەندانی جاران وەکە(ســەید عەلی ئەســغەری کوردستانی)و (ئەحەی ناسڕ) ئەکرا.

گێڕایەوە: ئەو دەمە هێشتا مێردمنداڵ بووم، کابرایەکی زێڕینگــەری جوولەکە میوانداری (ئەحەی ناســڕ)ی کردبوو، منیشی بانگهێشــت کرد، دەمەو ئێوارە بەرەو گەڕەکی جوولەکان بووینەوە، خوان بە خۆشترین خواردن رازابوویەوە، بەر لە تێچریکاندنی گۆرانیبێژ فەخفوری و بلوورەکانی ســەر ڕەفە گەچینە دیــوار نەزرەکانیان داگرت، ئیدی بڕوام بەوە کرد ئەو جۆرە گۆرانیبێژانە، وەك ئەحەی ناسڕو (سەید عەلی ئەسغەر) لە هەستان و پەردە پەردە هەڵکشانی دەنگیاندا بلوور و فەخفوری سەر ڕەفــان وردو خاش بوون و بلووری پەنجەرەی داخراویش هاڕەی کردووە و بەربوونەتەوە.

هەر لەســەر بیرەوەرییەکانی وتی:( ئەحەی ناســڕ) خۆی بە قوتابی (شــێیخ نووری شێخ ساڵح)ی شاعیر دادەنا، حەزی ئەکرد کاتێ (شــێخ نــووری) گورانی بووتایە، ئەو گوێگری بووایە، بۆ ئەوەی پتر شارەزای مەقامەکان بوایە.

وا ڕێکەوت لەگەڵ (شێخ نووری) سەردانێکی (تاران) بکەین ئەو دەمە باو باوی (دلکەش)بوو، ئەو شەوە مقامی دەشتی وت، منیش دەنگم لێ هەڵبڕی (دلکەش) هاتە خوارەوە و دەستی گرتم بۆ سەر شانۆکەو منیش چی

هونەرم هەبوو لەو شەوەدا نواندم.

سەبارەت بە توانای دەنگی (ڕەشول) لە کاك(ئەمین مەولود)ی خوالێخۆشبووم بیستبوو:خۆم گوێم لە مامۆستا(عەلی مەردان)ی مەزنە مقامبێژ بووە، کە ئەیووت:((ئاخ ئەگەر دەنگی رەشول م هەبوایە خوا شایەت موجیزەم ئەنواند)).

دیارە ئەو ساڵانەی خوالێخوشبوو(ئەمین مەولود) لە کولێجی بازرگانی سەر بە زانکۆی بەغداد ئەیخوێند، لە رادیۆی کوردی بەغداد کاری ئەکرد، بەرنامەی (شیعروهەڵبەست)ی پێشکەش ئەکرد، کە لەسەرەتاکانی پەنجاکاندا بوو، هەر بەو بۆنەیەوە، شیعری(ست فاتیمە)ی مامۆستا (ئەحمەد هەردی) لە دوتۆی یەکێ لە بەرنامەکانیان خوێندبووەو، کە بە دەستی لە مامۆستا(هەردی) وەرگرتبوو، کە مامۆستا لەسەر کوردایەتی لەسەر کارەکەی دەرکرابوو، گێڕایەوە: هەر کە شیعری(ست فاتیمە)م خوێندەوە، مامۆستا(عەلی مەردان) بەر دەرگای ستۆدیۆکەی لێ گرتبووم و داوای شیعرەکەی لێکردم و دانیشت بە دەسخەتی خۆی نووسیەوەو هێندەی پێ نەچوو ئەو گۆرانیی یە هەمیشە زیندووەی لێ دەرچوو، لێرەداو هەر بەم بۆنەیەی مەردان و هەردییەوە کە دەستەملانێی دوو مەزنە کوردە، کۆپلەیەکی شیعری چەپکە گوڵێك بۆ(ست فاتمە) بەسەر ئەکەمەوە:

(فاتیمە، دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانییە.
پڕ شەڕابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانییە
بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە
لار و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە
بووکی رازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتیمە
تاقە پرشنگێکی چاوت ئەو پەڕی ئاواتمە.)

لە گەرمەی گێڕانەوەکانی سەر بووردەکانی رۆژانی رابوردوو دابوون، باس هاتە سەر باسی بایەخدان بە مێژووی کورد و سەر لە نوێ نووسینەوەی، لە پڕدا جاحێلێکی لادێیی سڵاوی کرد و رووی کردە کاك(نوری) و گوتی:مامۆستا کەپرێك لەو ژوورەوە گڕی گرتووە، ئەیان وت کەپری کاك(نوری)یە.

: کوژێنرایەوە؟

:پاش چی، پاش ئەوەی دامرکایەوە، لە جانتایەکدا هەندێ شڕو پرە و کاغەز و ماغەزی تیابوو، کە هەڵیان ڕشت نیوە سووتابوو بوو.

: ئەوە گشت سەروەت و سەرمایەکەی تەمەن بوو، چەند بەڵگەو وێنەو یاداشتەکانم- ئەوەش نەما، دیارە پۆساپۆرتەکەشم سووتاوە...

کەمێك دڵیمان دایەوەو هەستایین لەگەڵ چەند کوڕو کاڵێکدا رووە و کەپرە سووتاوەکە چووین.

کاك نوری بە شپرزەییەوە دەستی بۆ شتە نیوە سووتاوەکان بردوو تاك و تەرای کە کەمێك ئەناسرانەوە گلی دانەوەو ئەوانی دیکەی توڕدایە ناو ئەو ئاگرەی هێشتا دوکەڵی لێ هەڵئەسا- ئێمەش مات و مەلوول و بێدەنگ، بەوپەڕی هێمنییەوە سەیری یەکمان کردو بە دەنگێکی بریندارەوە فەرمووی:ئەوە ئەوانەش نەمان.

گەڕاینەوە شوێنەکەی خۆمان و کاك نووری هەر ئەمدیوو ئەودیوی بە وێنە سووتاوەکاندا ئەکرد، هەندێکیانم لە دەست وەرگرت و لێیان ورد ئەبوومەوە بە ئومێدی ئەوەی داخۆ چارەسەر ئەکرێن، یان نا؟

رووبەری ئەو وێنانە گرنگییەکی گەورەی مێژوویان هەبوو، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستی مێژووی خەباتیی بوون، کە زۆربەیان لەگەڵ (بارزانی نەمر) دابوو، لە رۆژانی کۆماری مەهابادو پاشان لە پاش گەڕانەوەی بارزانی نەمر و هەڤاڵانی لە وڵاتی(سۆڤیەت) لە چەند وێنەیەکیشدا لەگەڵ پێشەوا(قازی محەمەد)ی نەمر.

: کاکە نووری ئەمانە بپارێزە، بواری نوێکردنەوەو چاککردنەوەیان هەیە، گوناهە لە ناوبچن، ئەم وێنانە چەندین ساتی رابوردوی راگرتووە و پاراستوونی و جارێکی دیکە دروست نابنەوە.

کەمێك باری دەروونی هاتەوە وێنی خۆی و ئیدی کاك (رەشۆل) باسی کرد: سبەینێ بۆ نەشتەرگەری ئەچمە(سەردەشت)و پێوەندیم بە دکتۆرەکانی خۆمانەوە کردووەو ئەمە دنیایە، کێ ئەزانی ئەتانبینمەوە!

برادەرە چایچییەکەم بانگ کرد: بۆ سبەی نیوەڕۆ خواردنێکی باشمان بۆ ئامادە بکە، باشە برادەر ئەم هەموو گەڵامێوە ناسکە لێرە هەیە، بۆ رۆژانە مەنجەڵێ یاپراخی لێ دروست ناکەیت؟

خۆ هیچی وای تێناچێ.

سەری رەزامەندی بۆ لەقاندم.

دیارە چوونەکەی کاك(رەشۆل) کەوتبووە پاش نیوەڕۆ، وادەی نانخواردنمان هات و هات بەلامانەوە: بە قسەم کردی یاپراخێکی پەلکە مێوم بۆ لێناون لەماڵیشا لێنانری، ئەوە لەگەڵ گۆشتی برژاودا ئەیهێنمە خزمەتان، هەر ئەوەندەی بلێی یەك و دوو نایە بەردەممان وفەرمووم لێ کردن. زۆر تامەزرۆی بووم یاپراخێکیخرپنم نایە سەر قاپەکەی بەردەمم.. کەوچکم لێدا، بێ سوودبوو، بەدەست تێی بەربووم، نەخێر گەڵایەك، دووان ، سێیان ، چوار... بەحاڵ چەند دەنکە برنجێ لە ناویا خۆی گورگە کردبوو، ئەوە ئەوانیش سەیرم ئەکەن، هاورام لێ هەستا: ئەرێ برا لە من داوای یاپراخم لێ کردی، یان کەپرو ساباتم بۆ دروست بکەیت؟

**هەر کە شیعری(ست فاتمە) م خوێندەوە، مامۆستا(عەلی مەردان) بەر دەرگای ستۆدیۆکەی لێ گرتبووم و داوای شیعرەکەی لێکردم و دانیشت بە دەسخەتی خۆی نووسییەوەو هێندەی پێ نەچوو ئەو گۆرانیی یە هەمیشە زیندووەی لێ دەرچوو**

**بەر لە تێچریکاندنی گۆرانیبێژ فەخفوری و بلوورەکانی سەر رەفە گەچینە دیوار نەزرەکانیان داگرت، ئیدی بڕوام بەوە کرد ئەو جۆرە گۆرانیبێژانە، وەك ئەحەی ناسرو (سەید عەلی ئەسغەر) لە هەستان و پەردە پەردە هەڵکشانی دەنگیاندا بلوور و فەخفوری سەر رەفان وردو خاش بوون و بلووری پەنجەرەی داخراویش هاڕەی کردووە و بەربوونەتەوە.**



# له هەوراماندا

# هونەر هونەرمەند پەروەردە دەکات



دارا هەورامی

بۆ گوڵانی نوسیووه

هونەرو هونەرمەند دوو وشەی پێکەوە بەستراون، ئەگەر یەکێکیان لەوی دیکە جیا بکرێتەوە، ئەوە بێگومان تای تەرازوو بە لاسەنگی دەوەستێت .

ئەو فەرهەنگەی کە هونەرمەند پەروەردە دەکات، وەك ئاوێنەی روو تەخت وەهایە، کە هونەرەکەی تێدا دەبینێتەوە. زۆرجار ئەو پرسیارە لە هونەرمەند دەکرێت و پێی دەڵێن: چی تۆی کرد بە هونەرمەند؟ بێگومان لە وەڵامدا دەڵێ: هونەری راستەقینەی نەتەوەکەم، دیارە هونەریش بەها و ماکی تایبەتی خۆی هەیە و بە هەموو کەسێك ناڵێن هونەرمەند، تا خەسڵەتی هونەریی نەبێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە کە ئەو هونەرمەندە، پابەند بێت بە خۆشەویستیی نیشتمان و زێدی خۆی. هەڵبەتە مەبەستی من ئەو هونەرمەندانەیە کە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو بوارەکانی هونەردا کاردەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی مەبەستم هونەرمەندی ئاواز و گۆرانی و موزیکی هەموو دەڤەرەکانی کوردستانە، لەوانەش هونەرمەندانی هەورامان، چونکە زیاتر ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا هەیە. زۆر جار لە مەجلیسەکانی هونەرمەندانی هەوراماندا دادەنیشم، باسی ئەوەیان لەگەڵدا دەکەم کە راژەی هونەری رەسەنیی خۆیان بکەن، نەکەونە شوێن لاسایی و چاولێکەریی هونەری بێگانە، چونکە هونەرمەند دەبێت لە خۆیەوە دەست پێبکات و ستایلی خۆی هەبێت.

هەر لە دێر زەمانەوە واتایەکی دی هونەر و ئاواز و گۆرانی و شایلۆغان لە هەوراماندا باو بووەو ئارەزوویان لێ بووە. هونەر و ئاواز و گۆرانی بەلای منەوە لە ئاوایی و گوند و لادێکاندا پاکژ و خاوێنترە لە رووی دەنگەوە، بەڵام لە بواری تەکنیك و پێشکەوتنەوە تا ئێستا لە شارەکاندایە.

ئەوەش هۆکەی بۆ دوو لایەن دەگەڕێتەوە:

یەکەم: ئەو رژێمانەی کە حوکمی کوردستانیان کردووە، هەموو گوند و ئاواییەکانیان وێرانەخاك کردووە، چونکە لانکەی پەروەردەکەری هونەرمەندی پێشمەرگە بوون و سەرچاوەی شۆڕش لە گوندەکاندا بڵێسەی سەندووە .

دووەم: نەبوونی ئاو و کارەباو خزمەتگوزارییەکان لەهەموو ئەو گوندانەدا، تا رووخانی رژێمی عێراق و هاتنەکایەی بواری میللی و نەتەوەیی لە ساڵی (١٩٩١) ـەوە، بەڵام ئێستا هونەرمەندانی لادێکانمان لە گەشەدان .

هونەرو موزیکی هەر میللەت و نەتەوەیەك بۆ هێشتنەوەو فەرهەنگ و هونەری ئەو نەتەوەیە کاریگەریی گەورەی هەیە. ئەو نەتەوانەی کە دەنگ و رەنگیان کپ کرابوو، وەك نەتەوەی ئێمە، هەردەم لەلایەن داگیرکەرانی وڵاتەوە، رێگەیان نەداوە بە بیرو هۆشی خۆیان هونەر پەخش بکەن، تا ئێستاش کە راگەیاندنی خۆماڵیمان هەیە، هونەری کوردستان لە هەموو کەناڵ و رادیۆ و (tv) یەکاندا بە یەکسانی پەخش ناکرێت، ئەوەش بە هۆی نەبوونی کەسی شیاوە لە شوێنی شیاو، دەنا ئەو وڵاتانەی کە شێوە دیالێکتیان زۆرە کەناڵی شێوەییشیان زۆرە.

بە پێچەوانەوە لە کوردستاندا (٣٠) کەناڵی لۆکاڵی و دەزگای سەتەلایت هەیە، کەچی لێرەو لەوێ وەك دقنەی فەقێ گۆرانییەکی هەورامان لێ دەدرێت! دیارە ئەوەش نەبوونی هزری نەتەوەیی و نەبوونی کاری شارەزا وای کردووە، کە دیالێکتی هەورامان بە هەموو ماچۆگۆ زمانەکانیەوە فەرامۆش کراون! خۆ ئەگەر هونەرو ئاوازی گۆرانیی هەورامان لە هونەری کوردی بکرێتەوە، دیسان تای تەرازو لاسەنگ دەوەستێت، هەروەها پەروەردەی هونەریش دوادەکەوێت.

بێگومان تا زیاتر هونەر پێشبکەوێت، گەل و وڵات ئاوەدان و زیاتر ناسراو دەبێت بە هەردوو دیوی وڵات و جیهاندا، ئەو هەموو ئاواز و گۆرانییانە کە ئەمڕۆ پێشکەش دەکرێن بە تایبەتی هەندی گۆرانیبێژی نەزان، ئەوەش دووبارە ناپەروەردەیی و دواکەوتوویی ئەو بەناو هونەرمەندە لە رەوتی هونەری جیهان نیشان دەدات.

لە کتێبی هەورامان باشتر بناسن، لە لاپەڕە (٩٦)دا هاتووە: «مۆسیقای هەر گەل و نەتەوەیەك پشتیوانییەکی گەورەیە بۆ فەرهەنگ و هونەری ئەو گەلە، مۆسیقای هەر گەلێکیش سینگ بە سینگ و پشت بە پشت هاتووەتە خوارەوە و مۆسیقای هەورامان تا ئەندازەیێ لەناو هەورامییەکاندا رەسەنی خۆی پاراستووە و گۆرانییەکانی هەورامانیش لەگەڵ ژیانی خەڵکیدا پەیوەندی هەیە»

پەیوەست بوونی ئاواز گۆرانی هەورامان لە بناغەدا لە کانگای هەڵقوڵاوی ژێرخانی خۆیەوە، سەرچەمەکەی لە تاڤگەی بەفراوی (بڵ) و (وەزەنێ) و (بەڵخە) و سیروانی دواو، لەژێر تاپیرە بەردینەکانی (کۆسەی هەجیج) و (پیر شالیاری زەردەشتی) ئارامی و رەسەنایەتی و پەروەردەی هونەرو هونەرمەندی هەورامانی، بەیەك ئاراستەی پتەو جێگیر کردووە.

- لەهەمان سەرچاوە لە لاپەڕە (٩٦)دا هاتووە: مۆسیقای هەورامان بریتییە لە سێ چەشن، یەکەم مۆسیقای ناوخۆیی کە هەر ساڵ یەکێ لە گۆرانییەکانی گوڵ ئەکا، دووەم مۆسیقای فۆلکلۆری بە شمشاڵ ئەگوترێ، سێیەم مۆسیقای سیاچەمانە کە لەدەنگی جۆربەجۆر پێکدێ و دەنگی سینگ و دەنگی گەروو و دەنگی سەر لەوەدا تێکەڵاوە و ئەمەش هۆی سەرسووڕمانییە کە لە هەرسێ دەنگەکە کەڵك وەرئەگرن».

هەر ساڵێك چەند ئاوازێکی نوێی رەسەن بە کۆرپەیی لە وڵاتی خڤەنیرەتە دێتە کایەی پێشکەوتن و هونەرمەندی پەروەردەکراو دێنێتە بەرهەم .

ئاوازی فۆلکلۆری بە فۆرمەلەی هەورامانی نەبێت (ئەدا) و شێوازی تێکدەچێت، تەنها گەرووی هونەرمەندی پەروەردەکراو بە بەفراوی چیای شاهۆ، ئەو ئاوازە لەنگ نابێت .

ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، ئەوەش سروود گەلی گاتاکان و نەوەدو نۆ پیرەی هەورامانە، بۆیە بنەمای ئەو قوتابخانەیە هەر هەورامانە، ئەوەش دەوڵەمەندی زمانە، وشەی رەسەن هونەرمەندی گۆشکراوی ئاهورایی نەبێت، ئەو ئاوازانە بە هەموو گۆرانیبێژێك، ئەو ئاوازانە ناچڕێنەوە، هەر وەکو فەرموویانە هەموو سیاچەمانەچڕێك گۆرانیبێژە، بەڵام هەموو گۆرانیبێژێك سیاچەمانەبێژ نییە.

لە هەمان سەرچاوەدا، لە لاپەڕە (٩٧)دا هاتووە: لە دەوری کۆنا لە هەورامان خەڵك هەموو سروودیان ئەخوێندەوە و سروود یەکێ لە هەوا کۆنەکانی هەورامانە و بریتییە لە حەوت چەشن: سروودی هجران، سروودی حەیران، سروودی سۆز، سروودی خەسرەوانی، سروودی خاکی، سروودی کوردی، سروودی نەتەوایەتی، وەکو قاسیدی تووکانی (١٢٢٤ی کۆچی) لەم بارەوە ئەڵێ:

**«چاوەش نەوایێ لێدەرچەنی رۆد**
**تۆ واچە پەرێم گۆرانی و سرۆد**
**سرۆدی کوردی و سرۆدی هیجرانی**
**سرۆدی خاکی و سرۆدی حەیران**
**سرۆدی میللی و سۆز: خەسراوانی**
**بچڕ پەرێ وێت هەتا مەتوانی**
**گیان و زرگان پەرێ وێت شادکەر**
**خانا نەکیسا و باربەد یادکەر**
**چاوەش جەکونی وە ئاواز رۆد**
**لێدەر چەند هەواو واچە چەند سرۆد**
**تا من شادی کەم پەرێ وێم ئارۆ**
**چونکە ئی دنیا سوودێ نەدارۆ»**

**لە کوردستاندا (٣٠) کەناڵی لۆکاڵی و دەزگای سەتەلایت هەیە، کەچی لێرەو لەوێ وەک دقنەی فەقێ گۆرانییەکی هەورامان لێ دەدرێت! دیارە ئەوەش نەبوونی هزری نەتەوەیی و نەبوونی کاری شارەزا وای کردووە، کە دیالێکتی هەورامان بە هەموو ماچۆگۆ زمانەکانیەوە فەرامۆش کراون**

**پەیوەست بوونی ئاواز گۆرانی هەورامان لە بناغەدا لە کانگای هەڵقوڵاوی ژێرخانی خۆیەوە، سەرچەمەکەی لە تاڤگەی بەفراوی (بڵ) و (وەزەنێ) و (بەڵخە) و سیروانی دواو، لەژێر تاپیرە بەردینەکانی (کۆسەی هەجیج) و (پیر شالیاری زەردەشتی) ئارامی و رەسەنایەتی و پەروەردەی هونەرو هونەرمەندی هەورامانی، بەیەک ئاراستەی پتەو جێگیر کردووە**